# مانگرتنی سەرتاسەری کوردستانی ئێران و خوێندنەوەیەکی تر !

**ڕێبوار عارف**

ئەوەی دووینێ لە شەقامەکانی کوردستانی ئێراندا ڕوویدا زۆر لەوە مەزنترە کە بە چەند سمینارو وتارو وتاربیژی وچاوپیکەوتن، پێمان وابێت هەقی خۆیمانداوەو ئیتر چی دی گفتوگۆو لێدانەوەو خوێندنەوەی تری جۆراوجۆر هەڵناگرێت. بەتایبەتی تا ئەو شوێنەی کە لە نێو ڕیزی قەڵەم بەدەستانی ناسیونالیستی کورددا لێکدانەوەی ئاوەژو یەك لایەنەو لە هەمان کاتدا ڕووکەشیانەو گشتگیر هەیە بۆ ڕووداوەکان دەکەن و زیاد لەهەر شتێك بە چاویلکەی کوردایەتی یەوە پەیام و ئامانجەکانی ئەم بزوتنەوە جەماوەریە دەخوینەوەو ئەگەر ڕەخنەیەکی شەرمۆکانە شیان لە هەر حزب ولایەنێکی ئەم بزوتنەوەیە هەبێت، ئەوە بۆ شەرعیەت پێدان بە دەورو جێگەو ڕێگەی ئەو لایەنە. نەك بۆ تیاڕامان لە کارنامەو ئایندەو ئاسۆی بزوتنەوە سیاسی یەکان لە کوردستان. بۆیە لەم نووسینەدا ئێمە دەمانەوێت ئاوڕدایك لە هاتنەمەیدانی خەلکی کوردستان و ئاسۆ جیاوازەکان بدەینەوە بەهیواین توانیبتمان قولڵ بوونەوەیەکی زیاترو پرسیارێکی نوی ترمان بۆ خوێنەران خولقاندبێت.

**جمهوری ئسلامی ئیران لە لووتکەی دەستەلاتەوە بۆ چۆکدادان** .

زیاتر لەچارەکە سەدەیەکە حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئیران بە زمانی ئاگرو ئاسن دەستەلاتی سەرکوتکەرانەی خۆی داسەپاندوە. کە تا ناوەڕاستی هەشتاکان زیاتر لەسەد هەزار ئینسانی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕی اعدام کرد، بۆیە هەر بەوجۆرە کوشتارو سەرکوتی سیاسی بووتە خسڵەتی ناسینەوەی ئەم حکومەتە. وێرانکاری ولەخۆین هەڵکێشانی شەقامی شارەکان وسەنگسارو ئاوارەکردنی ملیونەها ئینسان وبێبەشکردنی جەماوەری ملیونی خەڵکی ئیران لەسەرەتایترین ماف وئازادیەکانی خۆیان بووە بەبەشێك لە کارنامەی ئەو حکومەتە دژی ژن و ئازادیە.

ئەم ڕەوەندە سەرکوتکەرانە کۆڵەکەی مانەوەی ئەم حکومەتە بووەو لەم ڕۆژانەشدا لەبەگەرخستنی هەرجۆرە وەسیلەیەکی سەرکوتکەرانە دریغی نەکردوە. تەنها لەماوەی ئەم چەند هەفتەی ڕابردودا زیاتر لە 25 کەسیان کوشتوەو سەدان کەس برینداربوون و زیاتر لە هەزار کەسیش کەوتووتە بەر شەپۆلی ڕەشبگیری و زیندان کردن. بەکورتیەکەی دەتوانین بلێین چارەکە سەدەیەك دەستەلاتی حکومەتی مەلاو مزگەوت و ئیمامەکان بە قیمەتی کوشتارو گیان کێشانی سەدان هەزار ئینسانی شەریف و ئازادیخواز هیشتا تەواو نەبووە. بەلام بە هەموو ئەمانەشەوە دیارە ناتوانرێت سیمای شۆرشیگرانەو ڕاوەستانەوەی بێ درێخی خەڵکی ئیران بەتایبەت کوردستان بە فەرامۆشی بسپێرێت. هەقیقەت ئەوەیە کە جمهوری ئیسلامی لەسەرەتای هاتنە سەرکاری تادواین ڕۆژەکانی تەمەنی لەگەل ڕاوەستانەوە سەنگەر گرتنێکی بەهێزی خەڵکی کوردستان وئێراندا ڕوو بەڕوو بووە کە جێگەو ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان وەك یەکێك لە بەهیزترین سەنگەرەکانی خەبات بۆ کۆتای هێنان بە دسەتەلاتی ئیسلامی جێگەی هەلۆێستەو تیارمانیکی زیاترە. بۆیە بەدەر لەوەی کە ئایا ئایندەی ڕاپەرینی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان بەکوێ دەگات وچەند دەتوانێت لەگرەوی گرێدانەوەو راپەرینێکی سەرتاسەریدایە لە هەموو ئێراندا سەرکەوتن بە دەست بهینێ. یان چەندە ئەو شیعارەی ئەمڕۆ عەمەلی دەکرێتەوە لەمەڕ ڕامالین و وەدەرنانی هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومەتی ئیسلامی لە کوردستان. بەلام نەفسی هاتنەمەیدانی تائیستای جەماوەری خەلکی کوردستان و ئەو ڕادە لەپاشەکشە پێکردن بە حکومەت وپەرەپیدانی ڕۆحیەی شۆرشگیرانەی خەلك وبەهێزکردنی بزوتنەوەی سەرنگونخواز، دەستەکەوتێکی کەم وێنەیەو هەر لەم سونگەیەشەوە بەرز نرخاندنی هاتنەمەیدانی ئەم ڕۆژانەی جەماوەری ستەمدیدەی خەڵکی کوردستان جێگەی پشتگیر و دەخالەت و مەزن ڕاگرتنە. دەبێت ئەوەش بلێین کە ئەم سالانەی ڕابردو خەڵکی ئیران بە کوردستانیشەوە بچوکترین دەرفەتیان بۆ هاتبێتە پیش قۆستوویانەتەوە بۆ دەربڕینی ناڕەزەیەتی یەکانیان دژ بە حکومەتی جمهوری ئیسلامی. بۆیە لە بردنەوەو دۆڕاندنی تیپی تۆپی پێ ی ئێرانەوە تا هەرجۆرە دەستدریژی یەك بە خەلکی دەبیتە هۆی نارەزایەتی دەربرین دژ بە حکومەت. هەر ئەمەشە لەشاری مەهاباد وادەکات کە گیان لەدەستدانی ( شوانە سەید قادر ) بێتە هەوێنی ناڕەزای دەربڕینی خەلك وشیعاردان دژ بەحکومەتیك کەلیواولیوە لە تاوان . ئەگەر لەلایەکەوە زنجیرەی ئەم خۆپیشاندانانە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەنگی نارەزایەتی خەڵکی گەیاندە ئاستێکی بەرزو کەم وێنە، ئەوا مانگرتنی سەرتاسەری دوێنێ ی شارەکانی کوردستان بووە سەرەتای قۆناغیکی نۆێ ومزگێنی هەلپێچانی دەستەلاتی خوای کردە هەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر بۆ دۆست و دۆشمان. نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەم هەنگاوەی دوێنێ توانی مێژوویەکی نوێ لە خەباتی شۆڕشگێڕانەیان بزوتنەوەی سەرنگونخوازدا بەهێزتر بکات و زیاتر لە هەرشێتك دەنگی پێ ی هەنگاوەکانی شۆڕش جارێکی تر بداتەوە بە گوێماندا. ئەم هەنگاوە هێمایەك بوو بۆ نیشاندانی ئامادەی خەڵکی کوردستان بۆ هەڵپێچان و لە گۆڕنانی حکومەتێك کە توانیبووی بۆ ماوەی نزیك بە 20 سالڵ پاشەکشەیەکی گەورە بەسەنگەری خەبات وتیکۆشانی خەلکی بکات. بەلام دەبینین کەچۆن تەلیسمی ئەو دیوەزمەیە شکاو ئەمڕۆ بە جەسارەتێکی کەم وێنەوە بلندگۆی ڕوخان و نابۆ حکومەتی ئیسلامی، شەقامی شارەکانی تەنیوەتەوەو کورەی خەبات وتیکۆشانی جۆشدایەوە.

لێرەوە جێگەی خۆیەتی هەڵوێستەیەك بكەین لەسەر جێگەو ڕێگەی ئەو بزوتنەوە كۆمەلایەتیانەی كە دەتوانن ئایندەی ئەم نارەزایەتی دەربڕینانە بە ئاقاری جیاوازو دژ بەیەكدا بەرن .

**دوو ئاسۆ ، دووبزوتنەوەی جیاواز ، دوو ئایندەی جیاواز**

ئەو رووداوانەی كە ئەمڕۆ لەسەر شانۆی سیاسی كوردستانی ئێراندا دەیبین، نارەزایەتی دەربڕینێكی فراوانی خەڵكی كوردستان و مانۆرلێدانێكی بزوتنەوەی سەرنگونخوازە دژ بەحكومەتی جمهوری ئسلامی ئێران. كە دوو بزوتنەوە تێدا نمایشی هێزی و ڕێگەو ڕەوشتی سیاسی خۆیان دەكەن. كە ئەمەش پێویستی بە خویندنەوە تیارامان و هەلویست گرتنێكی جدی هەیە.

ئەم سالانەی ڕابردو كوردستان مەیدانی كێ بەركێیەكی سیاسی فراوان بووەو دوو بزوتنەوە بە دوو كارنامەو دوو ئایندەی جیاوازەوە مۆری خۆیان لە هەناوی ڕووداوەكانداوە. واتە لەلایەكەوە بۆرژوا ناسیونالیزمی كورد و لەلایەكی تریشەوە بزوتنەوەیەكی ئینسانی وچەپ و ڕادیكاڵ و شۆرشگێر هاتووەتە مەیدان كە هەر لایەنێكیان دەیەوێت تای ترازوی كێشمەكێشەكان لەبەرژەوەندی سیاسی و چینایەتی خۆیاندا بشكێنەوە .

سروشتی یە هەر هێزو بزوتنەوەیەكی سیاسی جیاواز ، لە وەها بارودۆخێكدا لەهەوڵی پراتیك كردن و جێخستنی نەخشەو ئامانجەكانی خۆیدایە. كەدیارە هەریەك لەم بزوتنەوانە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دژ بە حكومەت ، نەك هەر تاكتێك وشێوازی خەباتكارانەی جیاوازیان هەیە، بەڵكو ستراتیژو جیهانبینی وئایندەی جیاوازیش بنیاد دەنێن. بۆیە دەبێ چاوەڕوانی ئەگەری هاتنە سەركاری ئەلتەرنایڤی جیاوازیش بكەین. ئەگەر مەزنترین خاڵی وەرچەرخانی نارەزایەتیەكانی خەڵك لەم چەند هەفتەی ڕابردودا بە مانگرتنی شكۆدارو سەرتاسەری ڕۆژی 7ی تەمووز لەقەڵەم بدەین كەبەكردەوە ملیونەها خەڵكی شەرافەتمەندی كوردستان تێدا بەشداریانكرد. ئەوا دەبیت بڵێن كە بۆرژوا ناسیونالیزمی كورد دروست بەپێچەوانەوە نەك هەر هیچ دەخالەتێكی لە مانگرتنەكەی ئەمڕۆژەدا نەبوو بەڵكو بە ئاشكرا پاكەنەكردنی خۆیان ڕاگەیاندو بەئاشكرا بێگوناهبوونی خۆیان لەئاست ئەو مانگرتنە سەرتاسەریەدا نیشاندا. ڕێگە بدەن بالێرەدا ئاورێك لەم ڕاستی یە بدەینەوە. ئەوەی كە ناسیونالیزمی كورد هیچ تەبایەكی لەگەڵ خەباتی جەماوەری و ڕاپەرینی خەڵكدا نیە هەقیقەتێكی ڕۆشنەو ڕەنگە زۆر پێویستی بە ڕوونكردنەوە نەبێت. مێژووی هەڵسوڕانی سیاسی ئەم بزوتنەوەیە خولانەوە بووە لە بازنەی ( شەڕ ، گفتوگۆ ، ڕێكەوتن ، نسكۆ، چونە شاخ، دانوسات ، ...). مۆتیڤی هەموو ئەم مانۆرلێدانانەش لەباشترین حالەتدا بۆ بەشداری كردن بووە لە دەستەلاتدا . وەك چۆن ئامانجی ئەم بزوتنەوەیە وەلامدانەوە بە ستەمی میللی و دیاری كردنی چارەنووسی كۆمەلگا نیە بەتایبەت لە ڕێگەی خەباتی جەماوەری و هاتنەمەیدانی خەلكەوە. بەڵكو دروست مەترسیدارترین دیاریدە لە ڕوانگەی ئەم بزوتنەیەوە دەخالەتی خەلك لەخوارەوە بۆ دیاری كردنی چارەنووسی خۆیان و بگەرخستنی ئیرادەی ئینسانیان. هەر ئەم رەوشت و لوژیكە ڕاپێچی بەردەم سیناریۆی بڕیاردان لەسەرەوەیان دەكات و خەباتی دبلۆماسی و ( تەوافقات ) نیوان لایەنەكان دەبێتە محوەری بنیادنان و جێخستنی سیاسەت وئامانج و بەرنامەی ئەم بزوتنەوەیەو حزبە سیاسی یەكانی . ڕەنگە لەمبارەوە زۆر پێویست بە نموونە هێنانەوە نەكات، چونكە كارنامەی ئەم حزبانە لەم ڕەوشتانە شەپۆل لێدەدات. بە درێژای چارە سەدەیەك یەكێك لە پڕهیواترین هیواكانی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران چاوبڕینە لوتف و مەرحەمەتی حكومەتی جمهوری ئیسلامی ئێران بوو بۆ گفتوگۆ و ڕێكەوتن و بەشداریكردن لە دەستەلاتدا. ئەلهەق لەمبارەوە باج و قوربانی گەورەشیانداوە كارە بەوەی گەیاندوە كە تەنانەت د. قاسملۆ لەسەر مێزی یەكێك لەو گفتوگۆیانە تیرۆر بكەن . ئەگەر كەسێك هەبێت ادعای ئەوە بكات بلێت ئێستا حزبی دیموكرات بۆ بەشداری كردن لە دەستەلاتدا پشتیان بەو ڕەوشتە نەبەستووەو ڕێگەی تریان گرتووەتەبەر، ئەوا دلنیام لەگەڵ ئەگەری ڕاست بوونی ئەو بۆچوونەدا گومانێك لەوە نیە كە هەر لە چوارچێوەی ئەو متۆدەی خۆیان دەرناچن بۆ بەشدری كردن لە دەستەلاتدا. ڕەنگە جیاوازیەكەی هەر ئەوەندە بێت كە لە ڕێگەی گفتوگۆی ڕاستەخۆ لەگەل سەرانی جمهوری ئیسلامی دا نەبێت لە ڕێگەی ڕێكەوتن وتەوافقەوە بێت لەگەل مەجامعی نیودەولەتیدا. ئاخر هەركەسیك ئاگاداری پەیامەكەی پاری پلنۆمی كومیتەی ناوەندی حزبی دیموكرات بێت كە بەپێشوازی كردن لە بۆش بۆ هێرشكردنە سەر ئێران دایان ئیتر هیچ گومان لەو ڕاستیە ناهێڵێتەوە. لەپەنا دەستیشیاندا باندی زەحمتكیشان لە سەرەتای دروست بوونیانەوە دەیانەوێت شەرفەی ئەوە بەخۆیان ببەخشن كە جێ پێ كانی ئەحزابی ناسیونالسیتی كوردستانی عیراق هەڵبگرنەوەو. بۆیە بەر لەهەرشتێك بە هات وهاواری فیدرالیزم، فیدڵیزم دەیانەویت دلسۆزی و وەفاداربوونی خۆیان بۆ بزوتنەوەی ناسیونالیزمی كورد دەربرن. بێ حكمەت نیە كە هەر لەسەرەتای خۆپیشاندانەكانی ئەم دەورەوە دیموكرات و زەحمەتكێشان یەك پرۆژەی هاوبەشیان بەرێوەبردوە یەك هەلویستیشیان هەبوو سەبارەت بە ((پشتگیری))كردن لە خۆپیشاندانەكانی خەلكی كوردستان و بەجۆرێك كە بەشێك لە تەبلیخات و هەڵسوڕانی ڕۆژانەیان بۆ ئەوە تەرخان كرد كە لەژێر ناوی ( بە حزبی نەكردنی خۆپیشاندانەكان ) بكەنە بنەمای تیۆری تەحریم كردنی ئەو مانگرتنە سەرتاسەریەكان كە نەك هەر جمهوری ئیسلامی ئێرانی هێنایە لەرزە، بەڵكو مێژوویەكی خەبات كارنەی نوێشی تۆماركرد. نەك هەر ئەمە بەڵكو هەقیقەت ئەوەیە هەركەسێك چاوێك بە دانپیانانەكەی عمر ئیلخانی زادەی باندی زەحمتكیشان بگرێت لەدواین ژمارەی هاولاتی دا ئەوا لە ئەرك و مەهام و جێگەو ڕێگەی ئەم باندە بەرۆشنی حالی دەبێت كە دەڵێت (... ڕاستە ئێمە بەباشی لەبارودخی هەرێمی كوردستان و هەستیاری وەزعەكە تێدەگەین و هەماهەنگی تەواومان لەگەل هێزە سیاسیەكانی ئێرە هەیە، بەلام ئەمە مانای

ئەوەنییە بەرگیرانمان لە خۆپیشاندان پێ خۆش بێت، ئێمە ئەو کارەی ئاسایشی سلیمانی بە نادروست دەزانین ودەکرا بەشێوازی ئاشتیخوازانەتر مامەڵەی لەگەل بکرایە،...) ئەلهەق ئامۆژگاری یەکانی ئەم قسەکەرەی زەحمتکیشان دروستەو خوا ئاسایشی سلیمانی بگرێت کە ئەو بەرێزە ناکەنە مستەشاری خۆیان. لەم بارەوە دەبێت بلێم کە تەبای هەڵوێستی ئەم لایەنانە لەگەڵ ئامانجەکانی یەکیەتی و حزبە دەستەلاتدارەکانی کوردستانی عیراقدا نە ڕووداوێکی بە ڕێکەوتەو نە هەلوێستێکی چاوەروان نەکراوە، ئەمانە یەك خیزان ویەك بزوتنەوەن و یەك ئامانج و ڕوانگەو ڕەوشتیان هەیە لەبەرامبەر بە چارەنووسی خەلکی کوردستاندا .بەلام بابزانین ئەم (( هەماهەنگی یە )) بۆچی و پاریزەری چ بەرژەوەندی یەکە .

**نیگەرانی و هەڵوێستی یەکیەتی نیشتمانی لەمەڕ ڕوداوەکانی کوردستانی ئێران لەکوێ وە سەرچاوە دەگریت ؟**

خوێندنەوەیەکی یەك لایەنەو ڕووکەشیانەیە ئەگەر پێمان وابێت تەقەکردنی ئاسایشی یەکیەتی بە سەر خۆپیشاندەرانا تەنها لەبەر دلڕازی کردنی جمهوری ئیسلامی ئێران بووبێت. هەقیقەت ئەوەیە ئاسایشی یەکیەتی نیگەرانی کوشتەی ناو هەمانەکەن، ئەم تەقەکردنانە هەڵوێست گرتنێکە لەبەرامبەر شێوازی خەباتکارانەو هاتنەمەیدانی جەماوەری ملیونی بۆ دیاری کردنی ئایندەیان وپێداگرتن لەسەر ئەو چارە نووسەی کە بەرهەمی دەخالەت وئیرادەی خۆیانە. ئاسایشی یەکیەتی زۆرباش لەکاریگەری ومەترسیدار بوونی ئایندەی ئەم بزوتنەوە دلنیایە کە ئاخۆ لە هەلومەرجێکی وەك ئێستەدا کە خەڵکی لەژێر سایەی دەستەلاتی ئەواندا تەنانەت، ئاوو کارەو بەنزین و سووتەمەنی یان نیەو نارەزایەتی و دەنگ هەلبڕینی خەلکی سەرباری گرتنەبەری هەموو ڕێگەیەکی سەرکوتکەرانەو چاوترسان وتۆقاندن و تەقەکردن لەخۆپیشاندەران، بەلام دەبینین کە خۆپیشاندان ونارەزایەتی دەربڕینی خەلکی کوردستانی عیراق لەم ناوچەیەدا بەو قۆناغە نوێ یە گەشتووە کە دەبێت لەگەلً هەر خۆپیشاندانێکدا ژمارەی (( ئاژاوەگیران)) لە زیندانەکانی ئاسایشدا لە زیاد بوون وفراوان بوونەوەدا بێت. کەواتە تێگەشتن لە ڕەنگدانەوەو کاریگەری مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆی کوردستانی ئێران کارێکی گران وخۆماندوکرنێکی زۆری ناوێت. ئاسایشی یەکیەتی دڵنیایە لەوەی کەوەك چۆن ئەم ڕۆژانە کوشتن و تیرۆرکردنی <u>شوانە</u> بووە بەهانەی هاتنەمەیدانی خەلکی کوردستانی ئێران و سەرتاسەری کردنەوەی نارەزایەتی یەکانیان، بەهەمان شێوەش پشتکیری کردنی خەلکی کوردستانی عیراق لەڕاپەرین و ڕووداوەکانی ئێران دەبێتە بەهانەی نارەزایەتی دەربرین دژ بەگەندەلی وبێ مافەکانی خۆیان کە حکومەتەکەی هەمان ئاسایش لێ بەرپرسیارە. ئەمانە لەکاتیکدایە کە خەلکی کوردستان پاش دوو سال چاوەرانی بۆ دیاری کردنی چارنووسی خۆیان، هیچ ئومێدێکیان بە حکومەتەکەی جعفری– تاڵەبانی نەماوە . بۆیە ترسێکی یەکیەتی لە کاریگەریەکانی ڕاپەڕین و شۆڕش لە ئێراندا، هاتنە مەیدانی خەلکی کوردستانی عیراق بۆ جیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتێکی سکۆلاری بۆ خۆیان . کە ئەو کاتە ئەگەر یەکیەتی دەستی لەبنی هەمانەکە دەرنەچێت ، ئەوا مەلەکردنی بەئاراستەی پێچەوانەی دەریاوە بۆ سەخت و دژوار دەبێت . بۆیە باشترین ڕێگە بۆ دوور کەوتنەوەی یەکیەتی لە هەموو ئەو مەترسیانە، بەلا ڕێدابردنی خەباتی جەماوەری و هاتنەمەیدانی خەڵکە بەو ئاقارەدا کە لە ڕێگەی خەباتی دبلۆماسی خۆیانەوە ئەحزابی ناسیونالیستی بندەستی خۆیان بە دیداری (( ئیمام )) شاد بکەنەوەو لە ڕێگەی ( دیالوگ )و لەیەك حالی بوونەوە بنیادی حکومەتێکی فرە (( فیدراڵی )) تر بدەن وئەزموونە بەپێتو بەرەکەتەکەی خۆیان لە وێش دووبارە بکەنەوەو ئەو کاتە بەشانازی یەوە نەك هەر باسی نقڵکردنی ئەزموونە دیموکراسی یەکەی خۆیان بۆ سەر ئاستی عیراق بکەن بەڵکو ئێرانیشی پێ ئاوادان بکەنەوە. کاریگەری یەکی تری ئەم ڕەوشتە دروست ئەوەیە کە وەك چۆن ترسان و دژایەتی کردنی ڕاپەرین و زیندوکردنەوەی فەرهەنگی سیاسی <u>شۆرش و ڕاپەرینی جەماوەری ملیونی</u> لەسەر کوردستانی عیراق بەرز ڕادەگرێت، هەر ئاواش گومانی تێدا نیە کە هەرچی گەندەڵی و گەنکاریەکانی ئەمانیشە لەگەل خۆیدا ڕادەماڵێت. کەواتە گەرانەوە بۆ تەوافق و ڕێگەوتن لەسەرەوە بەبێ هیچ دەخالەت و هاتنەمەیدانکی خوارەوە تەنها ڕێگەی پاراستنی بەرژەوەندی دەستەلاتدارانی کوردو کوردایەتی یە. خاڵێکی تر کە جێ ی نیگەرانیەکی گەورەیە بۆ یەکیەتی، ڕووخان و ڕاماڵینی حکومەتێکە کەخالی هاوبەشی نیوانیوانیان لە <u>ئیسلامی</u> بوونەکەیدا دەبینێتەوە. ئەویش تەنها بەو مانایە نا کە بزوتنەوەی سەرنگونخواز لە ئێران سەری ئەم حکومەتە ئیسلامی یە دەخوات، بەڵکو هەروەك چۆن هاتنە سەرکاری حکومەتی جمهوری ئیسلامی لە ئێران بووە بڕبڕ پشتی ئیسلامی سیاسی و هەوێنی پەرەسەندنی ئەم بزوتنەوەیە لە خۆرهەلاتی ناوەراست وجیهاندا، بەهەمان شیوە ڕووخان و لەگۆڕنانی ئەو حکومەتە ئیسلامیە دەبێتە ڕێشە دەرکێشانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا . کە ئەمە تەنها جەنگەلستانی حکومەتە ئیسلامیەکەی ئیستەی عیراق تیکناشکینیت بەسەر یەکدا بەڵکو هەموو حاکمیەتی ئیسلامی و کۆنەپەرستی ئێستەی عیراق دەهێنیتە ژێر پرسیارەوەو ئەو کاتە ئەم ووشەکە کەڵەکەی کە دوو سالە لەعیراقدا بەهەر مکافاتێك خراوەتە سەر یەك لەگرێژنە دەردەچێت، کەمەحالە لەوەها بارودخێکدا یەکیەتیش ( بەمایەی خۆیەوە هەستێت) .

**دواین ئیستەگەو سەرەکیترین خالی مەترسیدار لەسەرێ ی یەکیەتی و ئەحزابی ناسیونالیست** .

گۆمانی تیدا نیە بزوتنەوەیەك کە لە مانگرتنە سەرتاسەریەکەی کوردستانی ئێراندا بالادەست و ڕێکخەرو رابەربوو، بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالست و رادیکال و ئازادیخواز بوو . یەکیەتی ئەوە باش دەزانێت کە هێزی بانگەوازکەری ئەو مانگرتنە سەرتاسەریەی 1 مانگ حزب و ریکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان بوو، کە تیدا کۆمەلەو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری حیکمەتی دەورێکی بەرچاو کاریگەریان هەبوو. یەکیەتی ئەوە باش دەزانێت کە لەنێو هەلومەرجی شۆرشگێرانەی ئەمڕۆی کوردستانی ئێراندا بزوتنەوەی چەپ و سوسیالیستی جەمسەرێکی چارەنووسازو یەکلاکەرەوەیە،

یەکیەتی ئەوە باش دەزانیت کە سۆسیالیستەکان خوازیاری گەرانەوەی ئیرادە بۆ خەلك و دەخالەت کردن و هاتنەمەیدانی خوارەوەن. یەکیەتی ئەوە باش دەزانیت کەسۆسیالیستەکان خوازیاری جیای دین لەدەولەت وفیرکردن وپەروەردەکردنن، خوازیاری ئازادی بیٚ قەیدو شەرتی سیاسین، خوازیاری ئازادی بیٚ سنووری رەخنەگرتنن لەهەر حزب ولایەن وداب ونەریت و فەرهەنگێك . یەکیەتی ئەوە باش دەزانیت کە شۆرش و راپەرینی ئەم جارەی خەڵکی ئیران، ئالاکەی بە دەستی چەپ و کۆمۆنیستەکانەوەیەو جارێکی تر دروست بوونەوەی شوراکان لە کوردستان و سەرەتاسەری ئیران پەیامیکی تر دەدەت بە هاوکیشەی سیاسی خۆرهەلاتی ناوەراست و شکستی جمهوری ئسسلامی لەگەل خۆیدا شەپۆلی بەهێز بوونی بەرەی چەپ و سکۆلارو بەتایبەت حزب و بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری بەدوای خۆیدا دەکیشیت .

یەکیەتی پێشتر ئەوەی خوێندبووەوە کەپشتگیری کردن لەمانگرتنی سەرتاسەری خەلکی کوردستانی ئیران کە لەسەر بانگەوازی چەپ و کۆمۆنیستەکانە ئاسۆی بزوتنەوەکەی ئەوان لێڵترو سەرەو نشیوتر دەکات، بۆیە تەقەکردن بەسەر خۆپیشاندەران دەکات رەمزی راوەستانەوە دژ بە هەموو شیوازو رەوشتەکانی ئەو بزوتنەوەی کە دەیەویت بە دەخالەتی جەماوەری ملیونی حکومەتی جمهوری ئیسلامی بەچۆکدا بینیت. نەك لەرێگەی تەوافق و گفتوگۆ وسات وسەوداو دیالوکی شارستانی و یابەهۆی (شۆرشی پرتەقالی)پێشوەخت نەخشە بۆ کێشراو، یا لەباشترین حالەتدا بەهۆی دەخالەتی ئەمەریکاو دوو بارەکردنەوەی سیناریۆیەکی رەشی تر لەئالوگۆرێك لەسەرەوە پێکبێت. کە بەدلنیای جەماوەری ملیونی خەلکی ئیران و بەرەی ئازادیخواو چەپ و رادیکال نەمل بە دووبارەکردنەوەی ئەم سیناریۆ رەشە دەدەن، نە ریگە بە مانەوەی جمهوری ئیسلامی دەدەن تا لە ریگەی دبلۆماسی و رێکەوتن لەسەرەوە راپەرین و خەباتی شۆرشگیرانەی خەلکی کوردستان، تەسلیم و تقدیمی سەرانی جمهوری ئیسلامی بکەن، بۆ وەرگرتنی ئیمتیازو بەشداری کردنی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد لەحکومەتی جمهوری ئیسلامی ئیراندا. کە ئەمەش یانی دریژ کردنەوەی رەوشتی دەیان سالەی خۆیان بۆ نان خواردن و باج وەرگرتن لەسەر حسابی ستەمی میللی لەسەر خەلکی کورد زبان. کەواتە جیاوازی ئاسۆ و ئایندەی ئەم دوو بزوتنەوەیە لە نێو رووداوەکانی ئیران زۆر رۆشنەو دەبێت بە شێوەیەکی دەقیق و ووشیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و هەنگاوی گەورەترو مەحکەمتر بنین بۆ داکۆکی کردن لە ریزی یەکگرتوو خەباتکارانەی خەلکی ئیران بە کوردستانیشەوە، چوونکە بەدلنیایی رووخانی جمهوری ئیسلامی ئالوگۆری گەورە لە عیراقیشدا لەبەرژوەندی جەماوەری ملیونی پیك دەهینیت، کەواتە با هەموو ئاراستەکان بۆ بەهیز کردنی ئەو ئایندەیە بێت !

ناوەراستی ئابی 2005